# یادی هەردووکارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال لە هۆڵەندە











**له یادی هەردوو کارەساتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و تاوانەکانی ئەنفال ناوەندی چاك دژ بە جینۆسایدی گەلی کورد ، لقی هۆڵەندا رۆژی 4ی مارتی2007 له شاری دێلفتی هۆڵەندی و لە هۆڵی (ئەحمەدی خانی) چالاکیەکی فراوانی سازکرد بە ناونیشانی: "گەلە ژێردەستەکان باسی تاوانەکانی جینۆساید دەکەن" ، کە تیایدا ئەم بەرێزانەی خوارەوە باسیان پێشکەشکرد:**

**ریاز حەمە ، کەسایەتی کوردی خۆرهەلات و چالاکی بواری سیاسەت**

**مەریوان وریا قانع ، لێکۆڵەرەوەی سیاسی کوردی باشوور**

**جەمال ئەکوەح ، کەسایەتی ئەمازیغی مەغریبی و چالاك لە بواری کاروباری ئەمازیغیەکان لە هۆڵەندا**

**موحەمەد تاهر ئەلمەدی ، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی لازواد (ئەلتەوارق) کە حکومەتی سۆدانی مۆڵەتی (فیزای چوونەدەوەری) نەدا بەشدار بێت لە کۆبوونەوەکەدا..**

**سانتۆ دینیگ ، چالاکی سیاسی لە باشووری سۆدان ، ئەویش ئامادەنەبوو ، لە جیاتی ئەو یویل نەقوور ئامادەبوو و باسێکی سەبارەت بە کێشەی سیاسی هەرێمی باشووری سۆدان پێشکەشکرد..**

**بازی باز (ئەبوو باز) ، کەسایەتی سیاسی کلدۆ ئاشووری**

**سیروان مەحمود ، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری لقی بزووتنەوەی ریفراندۆم لە هۆڵەندا**

**د. تەیسیر ئەلئالووسی ، ئەکادیمی عێراقی و چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ**

**موحەمەد رەبیع کەبادۆ ، کەسایەتی سیاسی ئەمازیغی لیبی**

**ئازریان ، کەسایەتی سیاسی ئەرمەنی ، کوردستانی رۆژهەلات**

**سەرەتای چالاکیەکە کە لەلایەن کاك (دانا میرزا) خەڵکی هەڵەبجە و چالاك لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و ئەندامی رێکخراوی چاك لقی هۆڵەندا بە وتەیەکی کورت و دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەموو تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو ئەنجامدراون و بەتایبەت تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید و کیمیبارانی هەڵەبجە کەبەسەر میللەتی کورد هاتوون دەستپێکرا..**

**بەشی یەکەمی چالاکیەکە کۆمەڵێك خوێندنەوەو باسی جیاجیا پێشکەش کران دەربارەن تاوانەکانی جینۆساید و لەناوبردنە بەکۆمەڵەکان و هەروەها هەوڵەکانی حکومەتە داگیرکەرەکانی ئەو میللەتانە بۆ توانەوەیان لەناو میللەتی عەرەبیدا و سڕینەوەی هەموو سیما مرۆیی و کولتووری و شارستانی ئەو میللەتانە ، جگە لە هەوڵەکانی لەناوبردنی ناسنامەکەیان و توانەوەیان لەناو ناسنامەی میللەتی داگیرکەر ، سەرباری جینۆساید و**

قڕکردن و کوشتن و لەناوبردنی جەستەیی..

**پاشان ئامادەبووانی چالاکیەکە بەشداریان کرد بە راوبۆچوون گۆڕینەوە و پرسیارکردن..**

**دوای ئەوە خەلاّتی ڕێزلێنان بەخشرایە ئەم کەسایەتیانەی خوارەوە بۆ بەرزڕاگرتنی هەوڵ تەقەلاکانیان کە کۆششیان کردووە بۆ پشتگیریکردن لە دۆزی کورد و بەرزڕاگرتنی مافەکانی میللەتی کورد و مافی تەواوی سەربەخۆبوون کە بریتیبوون لە:**

**کۆمەڵەی عەرەبی بۆ پشتگیری کردن لە دۆزی کورد**

**د. تەیسیر ئەل ئالووسی**

**پارێزەر ئەوەر ئەلبۆنی کە ئیستا لە گرتووخانەکانی سوریایە..**

**شایانی باسە چالاکیەکە لەلایەن (صەلاّح عەرەب) عەرەبی پێشکەوتنخوازی عێراقی و ئەندامی چاك و دۆستی زۆر دڵسۆزی گەلی کورد بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی برا بەڕێوە..**

**ئەم راپورتە هەواڵە لە رۆژنامەی کوردستان راپۆرت لە هەولێر بلاّوبۆتەوە..**